ئەو شتانەی کە قەدەغەم کردووە (نەهیم) لێتان کردووە؛ لێی دوور بکەونەوە، وئەوەی فەرمانم پێکردوون؛ ئەنجامی بدەن بە پێی تواناتان

لە ئەبی هوڕەیڕەوە عبد الرحمن کوڕی سەخر -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: گوێم لە پێغەمبەری خودا بوو -صلى الله عليه وسلم- کە دەیفەرموو: «ئەو شتانەی کە قەدەغەم کردووە (نەهیم) لێتان کردووە؛ لێی دوور بکەونەوە، وئەوەی فەرمانم پێکردوون؛ ئەنجامی بدەن بە پێی تواناتان، ئەو شتەی کە بووە هۆی تیاچوونی ئەوانەی پێش ئێوە بریتی بوو لە زۆری پرسیارکردن وناکۆکییان بەرامبەر پێغەمبەرەکانیان».

[سەحیح - ڕاست)] [رواه البخاري ومسلم]

پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- بۆی ڕوون کردینەوە کە ئەگەر نەهی کرد لە شتێک؛ ئەوا دەبێت لێی دوور بکەوینەوە، و ئەگەر فەرمانمان پێبکات بە شتێک؛ ئەوا دەبێت جێبەجێی بکەین هێندەی لە تواناماندایە. پاشان ئاگاداری کردینەوە بۆئەوەی وەکو هەندێک لە ئۆممەتەکانی پێشوو نەبین کاتێک زۆر پرسیاریان کرد لە پێغەمبەرەکانیان لەگەڵ سەرپێچیکردنیان، بۆیە اللە سزای دان بە جۆرەها سزای سەخت وڕان کار، کەواتە دەبێت ئێمە وەکو ئەوان نەبین بۆئەوەی لەناو نەچین هەروەکو چۆن ئەوان تیاچوون.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/66517